گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لەشەڕی هەندرێن و دەرهاویشتەکانی لە ئایاری١٩٦٦

## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**ڕەفیق رحمان مام خول**
قوتابی دکتوراه لە بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
mamkhoolrafeeq@gmail.com

**پ. د. اسماعیل محمد حصاف**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Hassaf-hassaf@yahoo.com

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/١٦
پەسەندکردن:٢٠٢٢/٦/١٢
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Communist, Handren, Peshmerga, Central Liege, Aziz Muhammad

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.6

### پوختە

حزبی شیوعیی عێراقی وەك حزبێکی عێراقی و خاوەن دەیان کادری سیاسی وسەربازی و ڕێکخستن لە کوردستاندا، ڕۆڵێکی گەورە وکاریگەری بینی لە شۆڕشی ئەیلولدا و بەهۆیەوە چەند کادرێکی کوژران و بریندار بوون، بۆ دەرخستن و ڕۆڵی حزبی شیوعی لەم شۆڕشەدا ئەم توێژینەوەیەمان بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوە و دۆکۆمێنت و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی هاوچەرخی ڕووداوەکە بوون ئەنجام داوە، پلانی توێژینەوەکەشمان بەسەر سێ تەوەردا دابەش کردووە، بەم شێوەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم/ پلان ونەخشەی حکوومەت بۆ گرتنی چیای هەندرێن وزۆزك

تەوەری دووەم / هێرشی سوپای عێراق بۆ هەندرێن و بەرگری پێشمەرگە

تەوەری سێیەم/ دەرهاویشتەکانی شەڕی هەندرێن

أ- لە رووی سەربازییەوە

ب- لە رووی سیاسییەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

حزبی شیوعیی عێراقی لە ژیانی سیاسی خۆیدا، هەڵوێست و ڕۆڵی جیاوازی لە بەرانبەر دۆزی کورد وخەباتی سیاسی وچەکداریدا هەبووە، لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی 1958 بەدواوە، یەکێك بوو لەو ڕێکخستنە سیاسییانەی کە لە لەهەموو ناوچەکانی کوردستان کادر ولایەنگری هەبوو، ئەمەش وای کردبوو زیاتر لە دۆزی کورد نزیك بێت و بەریەککەوتن لەگەڵ خەباتی سیاسی وچەکداری کورد، بەمەش حزبی شیوعی عێراقی ببووە لایەنێکی سەرەکی ئەو ڕووداو وگۆڕانکارییانەی کە لەدوای شۆڕشی ئەیلولی 1961وە لە کوردستان ڕوویاندا، بەتایبەت لە سەردەمی هاتنەسەر تەختی بەعسییەکان لە عێراق، کە بەگیانێکی توندی نەتەوەییانەوە دەیانڕوانییە گەلی کورد ومافەکانی لە عێراقدا، بەردەوام هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی سەرکوت بکەن و دان بە مافەکانیدا نەنێن، بەڵام زۆرجار بەهۆی بارودۆخی ناوخۆیی عێراق وجیاوازی تێڕوانینیان بۆ دۆزی کورد نەیان دەتوانی ئەو سیاسەتە پیادە بکەن و ناچار بوون دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بکەن، هەروەك چۆن لەدوای هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی 1966وە لە نێوان حکوومەتی عێراق و کورددا هەڵگیرسا، سەرکردە سەربازییەکانی عێراق هەوڵیاندا کە لەڕێگەی چارەسەری سەربازی و زوڵم و سەرکوتکردنەوەی شۆڕشەکەی تێك بشکێنن، بەڵام لە شەڕی (هەندرێن) هەروەك دەبینین سوپای عێراق گورزێکی کاریگەری بەردەکەوێت و ناچار بە پاشەکشە و دواتریش دانووستان دەبێت.

## تەوەری یەکەم

## پلان ونەخشەی حکوومەت بۆ گرتنی چیای هەندرێن وزۆزك

ســەرۆك کۆماری عێراق عەبدولســەلام عارف(1921-١٩٦٦)، لەســەرەتای ســاڵی 1966دا، هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆی دەدا، یەکێ لە بەرنامەکانیشیان لەناوبردنی شۆڕشی ئەیلول بوو. هەرچەندە ئەو ناکۆکی و ململانێ و دووبەرەکییانەی کە ئەوسا لەناو سەرکردایەتی پارتیدا هاتبووە ئاراوە، وەرەی زیاتری بە حکوومەتی عێراقداو ئەو بیرۆکەیەیان بەبیردا هاتبوو کە تای تەرازووی هێز هاوســەنگی بەلای ئەواندایە (بارزانی، 1994، ب3، ل213)، بۆیە دەتوانن بە پیلانێکی تۆکمە کۆتایی بەشــۆڕشــی ئەیلوول بێنن. ئەو پیلان و نەخشــەیەی کە بۆ ئەم بەرنامەیە ئامادەکرابوو ناوی (توکلت علی الله)ی

لێنرابوو (جواد،1990، ص128). داڕێژەری پلانەکەش وەزیری بەرگری ئەوسا لیوا روکن عەبدولعەزیز عوقەیلی(١٩١٩-١٩٨١) بوو کە کەسێکی دەروون پڕ کینەو دەمارگیرو تاسەر ئێسقان دژی کورد بوو، بڕیاریان وابوو ئەم نەخشەیان لە 15ی نیسانی 1966دا، بخەنە بواری جێبەجێکردنەوەو گشت ئامادەکارییە سەربازییەکانی بۆکرابوو (بارزانی، 1994، ب3، ل213). بەڵام لە ڕووداوێکی لەناکاودا، لە 13ی نیسانی 1966دا، عەبدولسەلام عارف لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی مردو لەگەڵیدا چەندین بەرپرسی پایەبەرز گیانیان لەدەستدا، ئەو ڕووداوەش بووەهۆی دواخستنی نەخشەکەیان و دەست لەکارکێشانەوەی کابینەی (تاهیر یەحیا)و هاتنە سەرکاری کابینەی عەبدولرەحمان بەزاز، یەکەمین سەرۆك وەزیرانی مەدەنی بوو لەمێژووی عێراقدا، لەهەمان کاتیشدا گفتوگۆ لەسەر جێگرەوەی عەبدولسەلام عارف دەستی پێکرد (خدوري، ، ص ص349-352؛ حميدي والعاني، 2005، ص ص303-315).

پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار، دەرگای پێشبڕکێی لە نێوان مەدەنییەکان و سەربازییەکان کردەوە، ئێوارەی ١٦ی نیسانی ١٩٦٦، دانیشتنێکی هاوبەش لە نێوان ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی بەرگری نیشتمانی لە باڵەخانەی ئەنجومەنی نیشتمانی گرێدرا، بۆ مەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تازە هەریەك لە: فەریق عەبدولرەحمان عارف سەرۆك ئەرکانی سوپا بەوەکالەت، عەبدولڕەحمان بەزاز سەرۆك وەزیران و عەمید روکن عەبدولعەزیز عوقەیلی وەزیری بەرگری بەڕێوەچوو، هەڵبژاردن دەستپێکرد بە ئامادەبوونی (28) ئەندام، کە تێیدا (12) پلەیان سەربازی بوو، وە (16) مەدەنی، لە هەڵبژاردن و دانیشتنی یەکەمدا، عەبدولڕەحمان عارف (13) دەنگی بەدەستهێنا لە کۆی (28) دەنگ، لەکاتێکدا عەبدولرەحمان بەزاز (14) دەنگ، عەبدولعەزیز عوقەیلی (1) دەنگ. بەهۆی ئەم ئەنجامە، کە کەس نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ کە ڕێژەی 2 لەسەر 3ی دەنگەکانی پێویست بوو.

لەبارەی گفتوگۆشەوە لەگەڵ کورد کاتێك فوئاد عارف و گرووپەکەی ئازادکران، داوای لێکردن بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ پەیوەندی بە سەرکردایەتی کوردەوە بکات، بەڵام ڕەتیانکردەوە، دواتر خۆیان زەید ئەحمەد عوسمان و عەلی حەیدەر سلێمانیان نارد وەك هەوڵی کەسی وەك ناوەندە عێراقییەکان رایانگەیاند بوو. بەهاتنی عەبدولڕەحمان عارف بۆ سەرۆك کۆماری عێراق پرسێك وروژێندراوە کەپێویستی بەڕەچاوکردن هەیە بەشێوەیەك کە لەخزمەتی هەموو گەلی عێراق بێت. عارفیش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

رایگەیاندووە کە پەیوەندی کەسی هەیە لەگەڵ هەندێك سەرکردەی کورد بۆ دۆزینەوەی چارەیەك کە لەبەرژەوەندی هەموو لایەك بێت. باسی لە پەیوەندییەکانی پێشووتری نێوان حکوومەت و کورد کردووەو دەڵێت: هەموو هەواڵەکان لەبەغداوە رایدەگەیەنن کە هەوڵێك هەیە بۆ چارەی ئاشتییانەی پرسی کوردو پشتگیرییەکی جەماوەری فراوانیشی هەیەو بەرپرسانی ئێستای عێراقیش بەدەمیەوە چوون، بەڵام ئەم شەپۆلە ئاشتیخوازانە ڕووبەڕووی بانگەشەی شۆڤێنی گوماناوی ئەفسەرانی لایەنگرانی حیزبی بەعس دەبێتەوەو بەم دواییانە داوای شەڕ دەکەن بۆ ڕێگری لەهەر گفتوگۆیەك. هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق لەهەوڵدان ڕێگری لەو ڕێگریانەی بەردەم پرۆسەی دۆزەینەوەی ئاشتییانەی پرسی کورد بگرن بەشێوەیەك لەبەرژەوەندی عەرەب و کورددا بێن (لجنة الدعاية والنشر للحزب الشيوعي العراقي المركزية، 1966/5/15).

لە ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەی لێژنەی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراقدا هاتبوو:"گفتوگۆ لەبارەی راپۆرتی یەکەمی ئایاری 1966 کرا بەتایبەتی ئەو چالاکیانەی کە مەکتەبی لیژنەکە ئانجامی دابوو لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی کۆنفڕانسی یەکەمی لقی یەکەم و بڕیارەکانی لێژنەی لقی کوردستان، ڕاپۆرتەکە باسی لەئاگربەست و سیاسەتی حکوومەتی دیکتاتۆری کرد بوو کە دەیەوێت شۆڕش دابەش بکات و لەناوی ببات بەفێڵ و تەڵەکەبازی چارەسەریش بۆ پەیوەندییەکان و ئاسۆکانی هاوپشتی نێوان هێزەکانی بەشداربوو لەشۆڕشی کوردی خستبووەڕوو، حیزبی شیوعی دەیەوێت پەیوەندییەکانی تێکۆشان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پەرە پێبدات و بەهێزی بکات" (ڕێگای کوردستان، العدد (7) السنة 22، أوائل آيار 1966).

## تەوەری دووەم

## هێرشی سوپای عێراق بۆ هەندرێن و بەرگری پێشمەرگە

عەبدولرەحمان عارف، کەسێکی شەڕخواز نەبوو، ئارەزووی لە ئاشتی و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بوو، هەرچەندە کاریگەری پێگە فەرمییەکەی بەسەریدا زاڵ بوو، لەژێر کاریگەری گەورە ئەفسەرە نەتەوەییەکاندا بوو، بەڵام بە بەراورد بە عەبدولسەلامی برای بەرانبەر بە پرسی کورد تاڕادەیەك هەڵوێستی نەرمتربوو، لە 18ی نیسانی 1966 لە یەکەمین کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا گوتی:"پێموایە برایانی کورد سەبارەت بە ئازادی نیشتمانیان، هاوشان لەگەڵ برا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەرەبەکاندا بەم نزیکانە وەڵامی بانگەوازەکە دەدەنەوە" (جريدة الجمهورية، العدد 818 ، 19 نیسـان 1966؛ جريدة الفجر الجديد، العدد 1274، 19 نیسـان 1966). بۆیە لەگەڵ دەسـتبەکاربوونی وەکو سـەرۆك کۆمار، لەگەڵ بەزازی سـەرۆك وەزیراندا، پێداگیری خۆیان بۆ چارەسـەرکردنی پرسـی کورد دەربڕی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان (جواد،1990، ص138)، لەبەرانبەریشدا سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بۆ بەدەستهێنانی ڕای گشتی، لە 17ی نیسانی 1966 بۆ ماوەی مانگێك ئاگربەستی ڕاگەیاند، ئەمەیش وەك نیشـــاندانی نیازپاکی بەرانبەر بە حکوومەتی نوێ، تا چاو بەداواکارییەکانی کورددا بخشێنێتەوە (غريب، 1973، ص91).

حیزبی شیوعی لەوکاتەدا جەختی کردەوە کە زانیارییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە دەسەڵات بەم جوڵانە تەنها مناوەرە دەکات و هیواو بەڵێن دەدات و ئامانجی کات کوشـتنە بۆ تەیارکردن لەناوچەکەو وەشـــاندنی گورزی کاریگەر لە هێزەکانی بەرەی باڵەك. ئامانجی یەکەمی ئەم گورز وەشـــاندنە گەیاندنی زیانی گەورەیە بە هێزە بنەڕەتییەکانی ناوچەی سـەرکردایەتی و دووەمیش دوورخستنەوەی سەرکردایەتی لەناوچەی حاجی ئۆمەرانی ئیستراتیجی لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێران و هەروەها جیاکردنەوەی ناوچەی سۆران لە ناوچەی بادینان ئەویش لەڕێگای کۆنترۆڵ کردنی ڕێگای ئیسـتراتیجی حاجی ئۆمەران – ڕەواندوزو سـێیەم لە حاڵەتی ئەم سـەرکەوتنەدا گورزی تر بەهەمان شـێوە ئاڕاستەی شوێن و بەرەکانی تری کوردستان دەکات و بەمەش سـەرکردایەتی کورد ناچار دەکات ملکەچی مەرجەکانی بن، بەڵام هەندێك لەسـەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بە بەڵێنە هەنگوینییەکان کە دەسەڵات دەیدا بڕوایان هێنابوو تاڕادەیەك هەندێکیان وایان دەڕوانی کە نیازپاکی حکوومەت و مامەڵەکردن لەگەڵیا واقیعێکە گومانی تێدانیە، لەکاتێکدا بارزانی لە تێڕوانین و هەڵسـەنگاندنی حیزبی شـیوعی عێراق نزیك بوو و لەیەکێك لەدیدارەکاندا بارزانی گوتی: ئەمە ئامانجی کاتییە بۆ خۆڕێکخستنەوە (مەبەستی دەسەڵات بوو) من باوەڕم بەدەسەڵات نییە، بەڵام چی بکەین؟ ئەوا غەدرمان لێدەکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی بارزانی لە گفتوگۆ پێدانی کات بوو بە گەل و لێپرسـراوان لەسـەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد (چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم خدر، هەولێر، 2022/1/7).

لە یەکەمین دیداری ڕۆژنامەوانی کە لە 25ی نیسـانی 1966دا ئەنجامیدا، بەزاز جەختی لەسـەر یەکپارچەیی خاکی عێراق کردەوەو دووپاتیشی کردەوە کە کورد نایەوێت لە عێراق جیابێتەوە، مافی

خۆیشیانە شانازیی بە نەتەوەکەیانەوە بکەن و زمان و کولتوریان بپارێزن. هەروەها چارەسەرکردنی پرسی کورد بە دانانی یاسای لیواکانەوە پەیوەست کرد، ڕوونیکردەوە کە یاساکە دەسەڵاتی بەرفراوانی هەر لیوایەك لە بەڕێوەبردنی ناوچەیی، کولتوریی، خوێندن، تەندروستی، کاروباری شارەوانی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەپارێزێت. هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە دوای گەڕاندنەوەی سەقامگیریی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و لە باکووری وڵاتدا ئەنجام دەدەن، لەکۆتایی لێدوانەکەشیدا ڕایگەیاند کە ئەو هەڵوێستەی لە لاوازییەوە سەرچاوەی نەگرتووەو سوپا بۆ پارێزگاری لە یەکپارچەیی عێراق ئامادەیە (جريدة الجمهورية، العدد 822، 24 نيسان 1966).

دوای ئەوەش، لە 28ی نیسان (زەید ئەحمەد عوسمان)ی ناردە گەلاڵە بۆ لای بارزانی و داوای دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی کرد، (بارزانی)یش وەڵامی ئەرێنی بۆ ئەم هەنگاوە هەبوو، خۆشحاڵی خۆی بەم دەستپێشخەرییە دەربڕی، بەڵام ئەم هەنگاوانەی (عەبدولڕەحمان عارف) نارەزایی گەورەی ئەفسەرانی سوپاو شەڕخوازانی لێکەوتەوە، گوشاری زۆریان خستەسەر بۆئەوەی کۆتایی بە هەنگاوی ئاشتیخوازانەکەی بێنێت و داوای جێبەجێکردنی پلانی (توكلت على الله)یان لێدەکرد کە بەهەڵواسراوی مابۆوە.وە شەڕخوازان گرەوی زۆریان لەسەر دووبەرەکییەکانی ئەوسای ناو پارتی دەکردو بە خاڵێکی لاوازی شۆڕشییان لەقەڵەم دەدا، لە ئاکامی گوشارەکانیشیان (عەبدولرەحمان عارف) لە هەنگاوە ئاشتیخوازانەکانی پاشگەز بۆوە (بارزانی، 1994، ب3، ل214-215).

لەوکاتەی سەرۆک وەزیران عەبدولڕەحمان بەزاز واخۆی پیشان دەدا کە لەگەڵ چارەکردنی پرسی کوردە بە ڕێگەی ئاشتیانە، بەڵام لەهەمان کاتدا هەمان سیاسەتی پێشوو دووبارە دەکردەوە لە دژی گەلی کورد لەڕێگەی سووتاندنی گوندەکان و کوشتن و وێرانکردن و دەستبەرکردن و ئابڵوقەی ئابووری لەسەر کوردستان (صحيفة طريق الشعب، العدد(2)، السنة(23)، أوائل حزيران 1966).

کاتێکیش کە (لیوا عارف) هاتە شوێنی براکەی ئەو شاڵاوە سەربازییەکانی دژ بەشۆڕشگێرانی کورد درێژەی پێدراو "هەڵمەتی بەهاران"یان داهێنا هەردووبرا لەگەڵ ژەنەراڵە کۆنەپارێزەکان، بەهیوای لەناوبردنی شۆڕشی کوردو سەپاندنی دیکتاتۆریەت بوون، بۆیە لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق، سەرلەنوێ سووربوونی شیوعییەکانی کوردستانی دووپاتکردەوە ، کە شان بەشانی هێزە نیشتمانییە کوردییەکان بەردەوام دەبێت تا سەرکەوتنی کۆتایی بەدی دێت (الكونفرس العربي الأول للحزب الشيوعي العراقي-فرع كردستان، آيار 1966).

هێزەکانی پشـتیوانی و پێشـمەرگە بەتووندی کۆنترۆڵی پێگە ئیسـتراتیجییەکانی ناوچەکە (حەوزی بیتوێن)یان کردبوو، هەر لە(داری هشـــك) بەرانبەر چیای کۆڕەك تادەگاتە زنجیرەچیاکانی ئارموش و هەندرێن و زۆزك وگرد عومەر ئاغا (ملازم خدر، دەستنووس، بڵاونەکراوە).

بەر لەهێرشـی سـوپا بەشـێکی بەرچاوی ئەرکی بەرگریکردن لە هەندرێن لە ئەسـتۆی لەشـکرییەکانی حیزبی شیوعی دابوو، بە گوێرەی زانیارییەکان سەرکردایەتی فیرقەی یەکی سوپای عێراق لە مانگی کانوونی یەکەمی سـاڵی 1965دا هاتووە کە دوو سـریەی حزبی شـیوعی کە ژمارەیان (270) چەکدار بوون بە لێپرســراوێتی ( فاخیر مێرگە ســووری) و (ڕەئیس کەمال نوعمان ثابت)، کە بارەگاکەیان لە کانی گوڵ بوو، بەشـداری شـەڕەکەیان کردووە، بۆیە بەو پێشـڕەوییەی حکوومەتی عێراق هەسـتییان دەکرد، بەرپرسـیارییەکی گەورەیان لە ئەسـتۆ دایە، لەبەرئەوە زۆر تامەزرۆی ئەوەبوون بۆ بەرگریی و گەڕانەوەی دۆخەکە بۆ پێشـــوو و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە کەوتبوونەوە، بچنە شـــەڕێکی مان و نەمانەوە (رۆژنامەی خەبات، ژمارە (3469)، 2010/5/12).

ئەو زانیاریانەی لەبەردەســت دابوون ئەوەیان پشــتڕاســت دەکردەوە کە وەزیری بەرگری (عبدالعزیز العقیلي) و دەســـت و پێوەنـدەکەی دوا وردەکـاری پلانەکەیـان لەژێرنـاوی "توکلت علی الله" ئـامـادەکردووە، پلانەکە بۆ داگیرکردنی نـاوچەکـانی بـاڵەك بوو بەچەنـد قۆنـاغێـك و فیرقەی دوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە دیاری کرا (چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم خدر، هەولێر، 2022/1/7).

هێرشـێکی گەورەی سـەربازییان بۆ پەلاماردانی بنکەکانی شـۆڕشـی ئەیلوول رێکخسـت و لە شـەوی 2 /3ی ئایاری 1966 هێرشێکی گەورە کرایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چیاکانی زۆزك و هەندرێن لە نـاوچەکـانی رەوانـدوز بۆ مـاوەی 10 رۆژ شـــەڕی نێوان هەردوولا بەردەوام بوو، لەئەنجـامـدا پێشمەرگەکانی کوردستان هێزەکانی سوپای عێراقیان تووشی شکستێکی گەورە کردبوون (عەبدوڵلا، 2008، ل29).

لە یەکەم هێرشـیدا شـەوی 2 /3ی ئایاری 1966 چەندین شـوێنی گرینگی لە چیای هەندرێن داگیرکرد (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:بارزانی، 1994، ب3، ل ل213-226) هێرشـــەکەشـیان بەمجۆرەی خوارەوە دەستپێکرد:-

1. لیوای چوار بۆ دەسـتگرتن بەسـەر چیای هەندرێن پێشـڕەوی کرد، لیوای یەکیش بەهەڵکشـان بۆ سەر بنەکاوڵ و دۆڵی ئاکۆیان یارمەتی دەدا.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. لیوای سێ بەیارمەتی لیوای چواردە بەرەو زۆزك جوڵەیان کرد.
3. بەشی زۆری جاشەکان لەم هێرشەدا بۆ سەر زۆزك بەشداربوون، لیواکانی تریش بۆ پیشتوانی دانرابوون. بەپێی هەڵسەنگاندنیان، توانیبوویان بەشێکی گرنگی نەخشەکەیان جێبەجێ بکەن. (رۆژنامەی خەبات، ژمارە (3469)، 2010/5/12).

کە یەکەم قۆناغیش بریتی بوو لەدەستگرتن بەسەر هەردوو چیای هەندرێن و زۆزکدا، تا داگیرکردنی دەرگەڵەو بەرسیرینیشی بەدوا دانێت، لەقۆناغی دووەمیشدا، ئامانجییان گرتنی گەلاڵە بوو، لە قۆناغی سێیەمیشدا، گشت هێزەکانییان بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەخشەکەیان بەجارێ بەرەو حاجی ئۆمەران هەڵدەکشاند، لە بەرەبەیانی ٣ی ئایاری ١٩٦٥دا هێزەکانی لیوای چوار لەگەڵ نزیکەی 2000 جاش پێشڕەوییان کرد بەرەو شاخی هەندرێن، پێشڕەوییەکە لەسێ قۆڵەوە بوو، ئەوان دڵنیابوون کە شاخەکە پێشمەرگەی کەمی تێدایە جگە لە دوو مەفرەزەی بچووك، یەکەمیان مەفرەزەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەنی کاول سەرەتای شاخەکەو نزیکەی 7 جەنگاوەر بوون، مەفرەزەی دووەم شیوعییەکان بوون لەپێگەی گۆڕی ساعاتی هێزەکە نزیکەی 12 جەنگاوەر بوون، دەسەڵات ماوەی گفتوگۆی بەشێوەیەکی باش قۆستەوە کردبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەیان پێویستیان پێ بوو (ملازم خدر، دەستنووس، بڵاونەکراوە).

دوابەدوای گەیشتنی هەواڵ و بروسکەکانی تایبەت بەباری شەڕەکەو ئاگاداربوونی ورد لەسەر بارودۆخی جەنگ، لەرۆژی دووەمدا، بارزانی فەرمانی بە ئیدریس بارزانی دا تاوەکو بەزووترین کات بەرەو بەرەی شەڕ بکەوێتە رێ و دۆخەکە بەسەربکاتەوەو دوا هەڵوێست بەسەرکردایەتی شۆڕش ڕابگەیەنێت. لەگەڵ گەیشتنی ئیدریس بارزانی بۆ بەرەی شەڕ کۆبوونەوەیەکی بە هەموو سەرکردەکان کردو بڕیارێك وەرگیرا کە بەهەموو تواناو بەهەر جۆرێك بێت دەبێ پێشڕەوی سوپا ڕابگیرێت. هەر لەکۆبوونەوەکەدا برووسکەیەکیان بۆ بارزانیش ناردو داوایان لێکرد کە بەهیچ جۆرێ پێویست ناکات ئەو بەرەو بەرەکانی شەڕ بەرێبکەوێت و خۆیان دۆخەکە یەکلادەکەنەوە (بارزانی، 1994، ب3، ل218؛ ملازم خدر، دەستنووس، بڵاونەکراوە).

بارزانی ڕاستەوخۆ چاودێری رەوشەکەی دەکردو ڕێنوێنی سەرکردە سەربازییەکانی دەکرد، کاتێکیش کۆبوونەوەی تایبەت بە دانانی پلانی ئازادکردنی هەندرێن ئەنجام درا، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە

بە باشـیان زانی و داوایان لە بارزانی کرد، کە فەرمان بداتە فارس باوە بەرپرسـی هێزەکانی دەشـتی هەولێر، کە لەهەڵمەتێکدا پەلاماری شـوێنی نیشـتەجێبوونی خێزانی جاشـەکان بدات، تا ئەوانیش بە ناچاری داوا لە حکوومەت بکەن بگەڕێنەوە بۆ لای خێزانەکانیان بۆ مەبەستی پاراستنیان، ئامانج لەم چالاکییە ئەوەبوو کە جاشـەکان لە هەندرێن نەمێنن و هێزێکی سـەربازی سـوپا شـوێنیان بگرێتەوە، لەبەرئەوەی راماڵینی ئەوان قورس بوو بەهۆی شـارەزاییان لەناوچەکەدا، بۆیە بارزانی فەرمانی بە سـەرکردایەتی دەشـتی هەولێر کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە، ئەوانیش بەباشـترین شـێوە ئەرکی خۆیان جێبەجێ کرد، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە جاشـەکان داوا لە حکوومەت بکەن کە تەنیا بۆ ماوەی 48 کاتژمێر هێزێك بێنێتە شـوێنیان، ئەگەرنا بەرەی هەندرێن چۆڵدەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ پاراسـتنی خێزانەکانیان کە کەتوونەتە بەر شـاڵاوی لێدانی پێشـمەرگەکانی دەشـتی هەولێر (چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم خدر، هەولێر، 2022/1/7).

حزبی شـیوعی عێراق لەبەردەم ئەرکێکی قورس دابوو رووبەڕووی ببێتەوە، کە جارێکی دیکە ببووە بابەتی رۆژ، لەهەمان کاتدا کاریگەری هەبوو لەسـەر پەیوەندی هەسـتیاری نێوان بارزانی و سـەرکردایەتی لقی هەرێمی حزبی شـیوعی عێراق، لە ئایاری 1966دا یەکەیەکی سـوپای عێراق و جاشـەکان لە شـەودا دزەیان کردە ناو چیای هەندرێن، کە شـوێنێکی سـتراتیژی بوو بۆ ناوچەی ژێر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە کە سـەری لووتکە چیاکەیان بەدەسـتەوە بوو، لووتکەکەو رێگاکانی بەدەسـتی هێزی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعییەوە بوو، گومانەکان بۆ ئەوە دەچوون کە پێشمەرگەکانی حیزبی شـیوعی ئەو چیایەیان دابێتە دەسـتی یەکەکانی سـوپاوە، کە سـوپای عێراق بەپەلە سـەنگەری لێداو سـەربازێکی زۆری تیادا جێگیرکرد کە دە بەرانبەر پێشـمەرگەکانی حیزبی شـیوعی دەبوون (سـباهي، 2005، ص60).

رۆژی 5/4 سـوپا دەسـتی کرد بەتۆپبارانی پێشـمەرگە لە هەندرێن و ناوچەی (بەرزێوە) ئەویش بە بەکارهێنانی تۆپخانەی فیرقە، تۆپبارانەکە بەشـێوەی (رمی الرشـق) بوو، پاش وەسـتانی تۆپبارانی تۆپخانەی فیرقە هاوەنەکانی لیوای چوارو تۆپخانەکەی دەسـتیان بۆ تۆپباران کرد (چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم خدر، هەولێر، 2022/1/7).

لەم رووەوە ملازم خدر دەڵێت: لە گوندەکانی پشـتەوەی چیای هەندرێن ژمارەیەک لەهاوڵاتیان بە بۆردومانی ئاسـمانی کوژران، هەروەها هەندێك کێڵگە زیانیان پێگەیشـت یان سـووتان و زیان بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەندێك موڵك و ماڵی تر گەیشت. لەم کاتەدا بوو ئیدریس بارزانی گەیشت و بارەگای سەرکردایەتی بەرەی شەڕ لەناوچەی (کوسپسی) کردەوە کە ئەکەوێتە نێوان ئارکون و بەرسیرین، شەو سەردانم کردو داوام لێکرد، کە زیاتر نەچێتە پێشەوەو هاتنەکەی رۆڵێکی کاریگەری بینی. لەڕۆژی 5/4 تۆپبارانی کردنی یەکتر لەنێوان هێزەکانمان و هێزەکانی دوژمن بەردەوام بوو و توانیمان زۆربەی رەبایەکانی هێڵی یەکەمی بەرگری لیوای چوار بپێکین، هەروەها تۆپبارانی بارەگای لیواو حامیەی ڕواندوزو سەربازگەی ملتوکر کرا بەتایبەتی شوێنی تۆپەکانیان، دەرەنجامی بۆردومانی چڕو ورد زۆربەی هێزو فەرماندەیەتیەکانیانمان ناچار کرد کە سەنگەر لێبدەن و لەنێویدا خۆیان بشارنەوە، هاوەن و تۆپی 25 رەتل بەشێوەیەکی زۆرباش بەکارهات، هەر لەو رۆژەدا پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانانیان کرد لەزۆزك و گردی عومەر ئاغا بە بۆردومانکردنی سەربازگەی باپشتیان و هاودیان و دیاناو گەلی عەلی بەگ و پێگەکانی سوپا لەناوچەکە کەتازە داگیری کردبوون، هەر لەو ڕۆژەدا کردنەوەی بارەگاکانی کارگێڕی لە حافیزو بەرسیرین و دوارکون و کانی سماق تەواو کران، هەندێك خواردەمەنی و تەقەمەنی پێویستمان دابین کرد، هەندێك وڵاخمان بۆ گواستنەوەی ئاو لەکانی سماق (کانی ئاو) بۆ هێڵەکانی پێشەوەی بەرگری دابین کرد. گرنگی درا بەدابینکردنی ژمارەیەك لە (کونە) بۆ هەڵگرتنی ئاو، هاوڕێیانمان لە سەنگەری (کەپ کمۆ) سوودیان لە بەفری سەر لووتکەکان بینی، بەفرەکە لەناو مەنجەڵێکدا ئەتوێنرایەوەو بەو شێوەیە پێداویستی خۆیان لە ئاو دابین دەکرد، هەرچەند زستان کۆتایی پێهاتبوو و کەشوهەوا مامناوەند بوو، بەڵام لووتکەی هەندێك لەشاخەکانی کوردستان ساردو پڕبەفر بوون، هەندرێن یەکێکە لەو شاخانەو بەفر تا مانگی حوزەیران و تەمووز بەلووتکەکەیەوە دەمێنێتەوە (ملازم خدر، دەستنووس، بڵاونەکراوە).

لەکاتی بەرگریدا ڕەچاوی ئەم بوارانە دەکرا:

1. ڕێگەنەدرێ بە حکوومەت هێزەکانی زیاتر بکەن.
2. جموجۆڵ و هێزی پاڵپشتی پەکبخرێ لەڕێگەی تەقەکردنی کاریگەر،بە ڕەچاوگرتنی دەست پێوەگرتنی تەقەمەنی.
3. چاودێری کردنی هێزەکان و پێگەکانی لە هەموو ڕوویەکەوەو ئاگادارکردنی سەرکردایەتی ڕۆژانە یان هەرکات پێویست بوو.
4. شڵەژان و زیانگەیاندن بە سوپای حکوومەت.

هەرچەندە پلانی پاشەکشە لەسەرئاستی نووسینگە دانرابوو، بەڵام ناوەڕۆکەکەی نەگەیشتە سەرکردەکانی خوارەوە یان جەنگاوەرەکان.

زانیاری گرنگ و ورد لەسەر هێزەکانی بەرانبەر دەگەیشت، زانیارییەکانی ڕێکخراوە حیزبیەکان لە ڕواندوزو دیاناو شەقڵاوەو هەولێرو هەندێك لە سوپا کە لەنێو ناوچەکە کاریان ئەکرد ئەو زانیاریانەی پشتڕاست دەکردەوە، بەبەڵگەی تەواو دڵنیابووین کە زۆربەی سەربازان و ئەفسەرانی پۆل و هەندێك لە ئەفسەرەکان کە بەهێرشەکە راسپێردرابوون قەناعەتیان بەم شەڕە نەبوو کە دەسەڵات دژی ڕۆڵەکانی یەك وڵات ئەنجامی ئەدات و هەمیشە لەچایخانەکان و دانیشتنە تایبەتەکانی خۆیان باسیان لە برایەتی کوردو عەرەب ئەکردەوە، لایان وابوو کە شەڕی براکان تاوانێکە دەرحەق بە گەلی عێراق، کار گەیشتە ئەوەی هەندێکیان هەڵبێن و هەندێکیان پەیوەندییان کرد بە هێزی پێشمەرگەوەو تەنانەت لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەندێکیشیان عەرەب بوون، لە ڕۆژی 5/8 هەموو ئامادەکاری و پێداویستی هێرش تەواو بوون، ئەرکەکان دابەشکران و کاتژمێری سفر بۆدەستپێکردنی هێرش دیاری کرا، بەڵام یەك کاتژمێر پێش هێرشەکە تۆپبارانێکی بێ وێنە لەلایەن حکوومەتەوە دەستی پێکردو پێشمەرگە ناچاربوو خۆیان لەسەنگەرە نزیکەکان قایم بکەن، تۆپخانەی فیرقەو سەربازگەی ڕەواندوز بەشداری تۆپبارانەکەیان کردو تۆپبارانەکە هەر لە دەشتی بەرزێوە تا لووتکەی هەندرێنی گرتەوە، لەماوەی نێوان بۆردومانەکەدا تێبینی ئەوە کرا کە هەموو یەکە سەربازییەکان و بەتایبەت ڕەبیەکان بۆ شەڕ لەئامادەباشی تەواودان، هەندێکیان چەند ریزە فیشەکێکیان لەچەکی قورس و مامناوەندەوە دەتەقاند، (تەنویر)یشیان دەتەقاند، دەرەنجامی ئەم دۆخە سەرکردایەتی ناچاربوون کە بڕیای دواخستنی هێرش بۆ کاتێکی نادیار بدات.

ڕۆژی 5/10 جگە لە کەمێك دەنگی تەقەی نیشانشکێنەکان هەموو شت هێمن بوو، بەڵام لەبەرەی زۆزك و گردی عومەر ئاغا شەڕەکان گەرم بوون، لە زۆزك سوپا سەنگەرەکانی پێشمەرگەی تا ناوەڕاستی شاخەکە داگیرکردو دەرەنجامی بەرەنگاری پاڵەوانانە وەستاو لەبەرەی گردی عومەر ئاغا جەنگاوەران ناچاربوون کەمێك پاشەکشە بکەن بەتایبەت پاش داگیرکردنی لاپاڵی زۆزك کە ئەیڕوانیە سەر سەنگەرەکانیان، لێرەدا هەندێك شەڕ بەچەکی سووك ڕوویدا (چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم خدر، هەولێر، 2022/1/7).

لەرۆژی 12ی ئایاری 1966دا، هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی گەورەیان لە لاپەڕەکانی مێژووی کورددا تۆمار کرد، ئەو سەرکەوتنە نموونەیەکی کەم وێنەی هاوکاری پتەو هەماهەنگی تەواوی نێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق بوو، ژمارەیەك لەو ئەفسەرو جەنگاوەرانەی لەو شەڕەدا بەشداربوون عەرەب بوون و ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە ڕزگارکردنی بەرەکانی هەندرێن و زۆزکدا هەبوو، لەناو ئەوانەدا بەتایبەتی ناوی رەئیس کمال نوعمان و ملازم نوعمان علوان دەهێنرێت کە لە شۆڕشدا بە ملازم خدر ناوی دەرکردبوو، لەم شەڕەدا چوار پێشمەرگە گیانیان لەدەستداو ژمارەیەکی تریش بریندارببوون. بێگومان شەڕی هەندرێن بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەوکاتەی ئاوژوو کردەوەو دوژمن تەواو سەری لێ شێواو گشت پلان و نەخشەکانی شکستی خوارد (رۆژنامەی خەبات، ژمارە (488)، حوزەیرانی 1966).

لەبەرەبەیانی زووی 5/13 سوپای عێراق هێرشێکی پێچەوانەی کرد بەئامانجی گرتنەوەی سەنگەرەکان لە شاخی ساعاتی و گردی شێران، چاودێری وردی گردبوونەوەو جموجۆڵی سوپای دەکرد هەر لەیەکەم هەنگاوەوە کە بەرەو لاپاڵی چیای هەندرێن سەردەکەوتن، تۆپخانەکان سەدی ئاگرییان جێبەجێ کردو بۆردومانی سەربازی ملتوکرو تۆپخانەی حامیەیان کرد، دەرەنجامی تۆپبارانی چڕو بارودۆخی شەڕەکەی پێشوو هێزی پێشڕەوی کەری ناچارکرد هەڵبێن و پەنابەرنە بەر حامیەی رەواندوز. ئێوارە زەکی حسێن حلمی کە فەرمانـدەی فیرقەبوو لەبەردەم ئەو هێزەی کە ئامادەیان کردبوو بۆ هێرشی دووەمی پاش دۆڕان وتبووی: "هیچم لێتان ناوێ تەنها تۆپخانەکانمان بۆ بهێننەوەو ئیتر پاشەکشە ئەکەین". ئاساییە کە شەڕ لە هەردوو بەرەی زۆزك و گردی عومەر ئاغا کەمبوویەوە چونکە بەشێك لە هێزەکانی سوپا لەوێوە هێنرابوون بۆ بەشداری لەهێرشی سەر هەندرێن،بۆیە شیوعییەکان بەهەر نرخێك بوایە دەبوو چیای هەندرێن بگێڕنەوە، پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بەسەرۆکایەتی (کەمال نەعمان) کە ئەفسەرێکی شیوعی بەتوانا بوو، کە خەڵکی دیالە بوو لەشەڕی هەندرێن توانیان سوپای عێراق تێکبشکێنن و تا رەواندوز راویان بنێن، بەڵام چوار پێشمەرگەش کوژران، لە سوپای عێراقیش نزیکەی(75)یان کوژران، وە نزیکەی(250) بریندارى هەبوو، ئەم شەڕە گرنگییەکی زۆری سەربازی و سیاسی هەبووەو ورەی پێشمەرگەو شیوعییەکانی زۆر بەرزکردەوە (سباهي، 2005، ص60).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تەوەری سێیەم

## دەرهاویشتەکانی شەڕی هەندرێن

### أ- لە ڕووی سەربازییەوە

لە دەرەنجامی ئەم شـەڕەدا، هەرچەندە نابەرانبەر بوو چ لەژمارەو چ لەچەك،چوار کوژراو ژمارەیەکی کەم بریندار بوون کە برینەکانیـان ســووك بوون، کوژراوی چوارەمیش پێش هێرشـــەکە بەڕۆژێـك لەگوندی بەرسیرن کوژرابوو ئەویش عەدنان ئەکبەر بوو، کوژراوانی شەڕەکە ئەمانە بوون:

1. عەریف یونس کە خەڵکی هەولێر بوو، فەرمانده‌ی سریە بوو، لەشـەڕەکەدا سـەرکردەی دەسـتەی هێرش بوو.
2. صالح ئەلیاس صۆفی، لایەنگری حزبی شیوعی بوو خەڵکی ڕەواندوز بوو.
3. خدر عەوڵا بەگ، لەهێزەکانی عیزەت سلێمان بوو.

زیانەکانی حکوومەتی عێراقیش ئەمانە بوو لە: نزیکەی ٧٥ کوژراو، ژمارەیەکی زۆر بریندار، 28 دیل لەناویاندا نائب زابت، هەموو پێداویســتییە ســەربازی و کارگێڕی پزیشــکییەکانی لیوای چوار، ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ، خاپوورکردنی ژمارەیەکی زۆر لەتۆپخانەی سەربازگەکانی حەوزی ڕەواندوز. ســەبارەت بە دەســتکەوتەکانی پێشــمەرگەش، زرار ســلێمان بـەگ دەرگەڵەیی دەنووســێت: "دەســتکەوتەکانمان زۆر زۆر بوون، ڕاســتتر بڵێین زۆربەی کەرەســتەکانی لیوای چوار جگە لە چەکی سـووك و کەسـی و ئاماژە دەکەم بە:بەتاریەی 6 تۆپخانەی شـاخاوی 75ملم، بەتاریەی هاوەنات عەیار 82 ملم، هاوەن عەیار 4،2 عقدە، ژمارەیەك هاوەن 2 عقدە، ســەرجەم تەقەمەنی تۆپخانەو هاوەنات، ژمارەیەك قازیفە 3،5 عقدە (بازۆکا) لەگەڵ موشــەکەکانی، نزیکەی 3 ملیۆن فیشــەک لە قەبارەو هەمەچەشــن، نزیکەی 90 ئامێری بێســیم لەناویاندا، دوو مجس جەوی، دەکرا وەك ئێزگەی محەلی بەکاربهێنرێت شەپۆلی(4) (جهاز 104) بۆزیاتر بڕوانە: (دەرگەڵەیی، 2021، ل171-172).

پێشـمەرگەکانی حیزبی شـیوعی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لەشــەڕی چەکداری و بەرگری لەمافی گەلی کورددا چەنـدین ســەروەرییـان تۆمـارکرد لە هەنـدرێن و زۆزك و بێخـاڵ و پێنجوین و قەرەداغ و دەربەندی زاخۆو سەری عەقرەو سەفین و....هتد (سباهی، 2005، ص63).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب- لە رووی سیاسی**

سەرکەوتنی پێشمەرگە لەشەڕی هەندرێن دا بایەخێکی گەورەی سیاسی و سەربازیی هەبوو، بەگرینگترین سەرکەوتن دادەنرا لە ماوەی پێنج ساڵی خەباتی چەکداریدا (جريدة خەبات، العدد 487، مايس 1966). پاش چەند رۆژێك دەسەڵات کەوتە پەیوەندی کردن بەمەبەستی گفتوگۆو پاش ئەوەی پۆزەتیڤی لە بارزانی وەرگرت یەکەم وەفدی حکوومی گەیشت و چاوی بە بارزانی کەوت و داوای کرد کە یەکەم "دەستپێك" وەك نیازپاکی گێڕانەوەی ئەو تۆپانە بێت کە لە هندرێن دەستی بەسەردا گیرا. (چاوپێکەتن لەگەڵ ملازم خدر، هەولێر، 2022/1/7).

لەژێر کاریگەریی ئەم سەرکەوتنانەدا، عەبدولڕەحمان عارف سەردانی مەلا مستەفا بارزانی کردو لەئەنجامدا عەبدولرەحمان بەزاز سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەوکات لە 29ی حوزەیرانی 1966 بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ناسراوە بە بەیانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەسەر بنەمای ئاشتەوایی، ئاگربەستی ڕاگەیاند لەگەڵ شۆڕشی کورد، بەڵێنی پێدانی مافەکانی دا، هەرچەندە مافی ئۆتۆنۆمی نەبوو، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول پەسەندی کرد، لە لایەك بۆ کۆتایی هێنان بە باڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، لە لایەکی دیکەشەوە دەرفەت دان بە جوتیاران کە پشتیوانی شۆڕش بوون، تاکوو بەرهەمەکانیان کۆبکەنەوە. (سباهی، 2005، ص61).

بۆیە چەند چاوپێکەوتنێك لەنێوان حزبی شیوعی و بارزانی ئەنجامدرا سەبارەت بەڕادەستکردنەوەی تۆپەکان، هەرچەندە بارزانی بڕوای بەدەسەڵات نەبوو، بەڵام ئاماژەی بەوەدا با تۆپەکانیان ڕادەست بکەینەوەو نیازپاکی خۆمان نیشان بدەین و نیازی ئەوان دەربخەین، هەروەها بارزانی گوتی: "ئەمە ئاشتەواییەکی کاتییەو ئێمە ناچارین بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە تیایداین و ئێوە دەزانن"، لەمیانەی کۆبوونەوەی نێوان حکوومەتی عێڕاق و سەرکردایەتی کورد، وەزیری بەرگری داوای کرد کە شیوعییەکان یان رادەستی دەسەڵات بکرێن یاخود چەك بکرێن، بارزانی بەتووڕەبوونەوە وەڵامی دایەوەو گوتی: "شیوعییەکان لە دڵسۆزترین و بێ نموونەترین رۆڵەکانی گەلی عێراقن، ئەوان هاوپەیمانی ئێمەن، من ناتوانم خیانەت لە هاوپەیمانەکانم بکەم، هەروەها گوتی: "من وەك عیراقییەك حەزم لەشەڕ نییە، هەر عەرەبێك یان کوردێك بکوژرێت رۆڵەی ئەم نیشتمانەمە، ئێوە ئێمە ناچار بەشەڕ ئەکەن، من وەك عیراقییەکی کورد داوای مافی خۆم ئەکەم وەك برا عەرەبە عێراقییەکەم، بەرگریکاری دڵسۆزی نیشتمانی عێراقین"(ملازم خدر، دەستنووس، بڵاونەکراوە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوابەدوای شکستی سوپای عێراق لە بەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلولدا، پێگەی بەزاز لەجاران بەهێزتربوو، بۆیە خێرا خواستی خۆی بۆ ئاشتەوایی نیشانداو لەو چوارچێوەیەدا ڕایگەیاند حکوومەتەکەی و پرسی کورد بەلایەوە گرینگترین بابەتە، دووپاتیشی کردەوە کە متمانەی هەردوولا مسۆگەرکردنی بنەمای ئاشتییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەتیکردەوە کە هێزی پێشمەرگە لەناوچەکەدا بمێنێتەوە (جريدة البلد، العدد 601، 19 آيار 1966؛ جواد، 1990، ص128). لە بەرانبەریشدا، وەڵامی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول زۆر دوانەکەوت و لە ڕاپۆرتێکی دەنگی کوردستاندا، بەڕوونی ئاماژە بەوەکرابوو کە شۆڕشی کوردستان ئارەزوومەندە بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی گونجاو بۆ پرسی کورد لە عێراقدا، بەمەرجێك لەگەڵ بارودۆخ و بەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بگونجێت (موريس، 1999، ص119).

ئەو پێشهاتە وای لە حزبی شیوعی عێراق کرد هەڵوێستی لەبارەی پرسی کوردەوە بەم شێوەی خوارەوە دووپات بکاتەوە:

1. حزبی شیوعی لەڕووی پرەنسیپەوە دانی ناوە بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی میللەتی کورد سیاسەتی خۆشی لەبارەی پرسی کوردەوە لەعێراق لەبەر ڕۆشنایی دۆخی بابەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی میللەتی کوردی دابەشکراو دارێشتووە پەیوەست لەگەڵ بەرژەوەندی تێکۆشانی گشتی رزگاریخوازی و دیموکراتی لەعێراق و ناوچەکەو سیاسەتەکەشی لەم دروشم و پرەنسیپانە دەبینێتەوە:

أ. تێکۆشانی هاوبەش دژ بەئیستعمارو کۆنەپەرستی لەپێناو عێراقێکی ئازادو دیموکراتی بۆ عەرەب و کورد "بژی برایەتی عەرەب و کورد".

ب. گەلی کورد لەعێراق نەتەوەیەکی جیاوازە لەسەر خاکی خۆی (کوردستانی عێراق) دەژی زمان و کولتوورو مێژوو و خورەوشتی نەتەوەیی و تایبەتمەندی جیای هەیە، کەمە نەتەوەی کۆچەر نییە داوای یەکسانی بکات، بەڵکو مافی نەتەوایەتی ڕەوای هەیە.

ج. بەرجەستەکردنی ئەو مافانە بریتییە لە (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. ئەزموونی دەستدرێژی بەردەوام بۆ سەر کوردستان بەتایبەتی لە دوای کودەتای شوبات و کۆنترۆڵکردنی فەرمانڕەوایەتی لە لایەن شۆڤینییەکان ئەوەی خستەڕوو کە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب (چ لەعێراق یان لەوڵاتانی دیکەی عەرەبی) هێشتا بەدەست مەیلی شۆڤێنی مەترسیدارەوە دەناڵێنێت، هەروەها هێشتا ڕەوت و کەسانی دیار بەو دەردەوە دەناڵێنن، ئەو دیاردەیەش زیانێکی زۆری بەبزووتنەوەی رزگاریخوازی دژ بەئیستعمار گەیاندو دەگەیەنێت. (بيان الحزب الشيوعي العراقي، أوائل تموز 1966).

حزبی شیوعی عێراق باوەڕی وابوو، بەزاز هەرچەند شەڕی لەکوردستان ڕاگرت و هەنگاوی رووکەشانەی نا لەچارەکردنی هەندێك گرفت، بەڵام خۆی لە پرسە سەرەکییەکان نەدا، بەڵکو هەنگاوەکانی لەخزمەتی هێزە ئیستعمارییەکان بوو، بۆ هەمووانیش روون بووەوە کە ڕاگرتنی شەڕ لەکوردستان خواست نەبوو بۆ چارەکردنی پرسی کورد وەك ئەوەی گەلی کورد مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی دەوێت، بەڵکوو بۆ ڕزگارکردنی حکوومەت بوو لەو قەیرانە دارایی و سەربازییەی تێی کەوتبوو. (اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراق، أوائل أيلول 1966).

هەرچەندە حیزبی شیوعی عێراق، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بەشێوازێکی ئاشتییانە، دووپاتی کردەوە کە پێدانی ئۆتۆنۆمی هەنگاوی یەکەم بێت بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و مافی چارەنووس، و ئاماژەی بە کەم و کوڕی پرۆگرامی حکومەت کرد، لەگەڵ نەبوونی متمانە، دووپاتیکردەوە کە دەسەڵاتی سەربازی و دیکتاتۆری، ناتوانێ پرسی کورد بەشێوازێکی دیموکراسییانە چارەسەر بکات (الحاج، 1981 ، ص260-261).

حیزبی شیوعی عێراق، لەسەرەتای تەمموزی 1966 بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە تێیدا بەردەوام بوو لەپشتگیری کردنی پرسی کورد لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی و دەستەبەرکردنی مافە رەواکانیان لە ئۆتۆنۆمی و هەڵبژاردنی مافی چارەنووسی خۆیان و جیابوونەوەی ئارەزوومەندانە هەرکاتێك ویستیان، هەرچەندە ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە هەندێك رای جیاوازی هەبوو سەبارەت بە پرسی کوردو جوڵانەوە سەربەخۆکەی بەم شێوەیەی خوارەوە:-

1. پرسی کورد بەشێکی گرینگە لەپرسی دیموکراسی گشتی لەوڵاتدا، سەرهەڵدانی پرسی کورد بەم شێوەیەی ئێستا بەهۆی سیاسەت و دەربڕینی دەسەڵات بووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. سرووشتی ئەو دەسەڵاتە، جگە لە سیاسەت و هەڵوێستە کردارییەکانی، گەواهی بۆ نەدەدا بۆ هەر تێگەیشتنێکی باوەڕپێکراوی دیموکراسی و سەرەڕای ڕێگەی بانگەشەی ئاشتییانە، بەڵام هەمان بیروبۆچوونی ڕێکخراو بوو بۆ دژایەتیکردنی پرسی کورد لەسەردەمی (عەبدولسەلام عارف) و (عەبدولرەحمان عارف- بەزاز) (م،و،د، ملفة(18/22)، نشرة أسبوعية (سياسة الحزب الشيوعي العراقي آزاء القضية الكردية وموقفه من المداولات الجارية لعلها)، أوائل تموز 1966).

سیاسەتی حیزبی شیوعی بریتی بوو لە یارمەتیدان لەنەهێشتنی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی و لێکتێگەیشتن و هاوکاری لەبڕی ململانێ و هەڕەشەو گوڕەشە ("طريق الشعب السرية"، العدد(4) السنة 23، أواسط تشرين الثاني 1966).

لەبەیاننامەیەکی لیژنەی لقی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق لە 8ی تشرینی یەکەمی 1966دا هاتووە: "گەلی کورد تێکۆشانێکی ڕزگاریخوازی دەکات دژ بەچەوسانەوەی نەتەوەیی کە دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکان ئەنجامی دەدەن لەعێراق. ئێمەی شیوعییەکان بەپێویستمان زانیوە وەك ئەرکێك لەبەردەم گەل و نیشتمانەکەماندا بەشداربووین تیایداو سوورین لەسەر درێژەدان بە بەشداریکردن تیایدا لەهەموو ڕوویەکەوە. حیزبی شیوعی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاڵپشتی سیاسی و بیری شۆڕش لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکانی دیکە لەسەرئاستی ناوخۆیی و دەرەکی. هاوڕێیانمان لەکوردستان پێویستە ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕش بکەن لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکانی دیکە لەتێکۆشانی ئازادانە کە هاوڕێیان بەپێی بڕیاری حیزب ئەنجامی دەدەن بەهەستکردن بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر گەلەکەتان" (مكتب لجنة فرع كردستان للحزب الشيوعي العراقي، 8/تشرين الأول/ 1966).

حیزبی شیوعیی عێراق لە 1967/1/6، بەیاننامەیەکی دەرکرد لەژێر ناونیشانی (**بژی سوپا- سوپایەك بۆ گەل وە پۆڵەکانی پێشکەشە لە پۆڵە شۆڕشگێڕەکان**)، وەتێیدا ناڕەزایی دەربڕی بەرانبەر بەکارهێنانی سوپا لە لایەن حکوومەت دژی گەلی کورد کە بووەهۆی لەناوچوونی هەزاران لە هەردوولا، لە لایەکی ترەوە بەرپرسانی دەوڵەت لەژیانی خۆشگوزەرانیدان لە کۆشك و تەلارەکانیان و بەهۆی دەسەڵاتیانەوە یاری بە پیرۆزییەکانی سوپاو گەلەوە ئەکەن، لەهەمان کاتدا سەرجەم ڕێگاکانی چەوساندنەوەو و ڕوشاندنی کەرامەتی گەلیان بەکارهێناوە لەنێو ڕیزەکانی سوپا ژەهری تایەفەگەری و ناوچەیی و ڕەگەزپەرستیان بڵاوئەکردەوە، و بەهەدەردانی پێوەرەکانی تواناکان و دەست پاکی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشـەنگەکان، و چەکدارەکانیان دەنارد بۆ تاوانی کوشـتنی سـەرکردەی یەکە سـەربازییەکان، و توانا داراییەکانیان بەکارئەهێنا بۆ کەسـە نزیکەکانیان و لایەنگرەکانیان، بەردەوام سـیاسـەتی بەندکردن و دادگایی کردنی نهێنی و یاسـای فریاکەوتنی تیرۆریان بەکاردەهێنا، لە 25ی تشـرینی دووەمی 1967 مەکتەبی سـیـاسـی حیزبی شـیـوعیی عێراقی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا دووپاتیکردەوە، دیکتاتۆری سـەپێنراو بەهەدەردانی سـامانی نەوتی وڵات و ئاڵۆزکردنی رەوش لەکوردسـتان وە نەرمونیان بۆ چالاکی داگیرکەران و دواکەوتووەکان...ئەم سـیاسـەتە دیکتاتۆرییە بارێکی ناخۆشـی لەکوردسـتان دروسـتکردبوو کە چاوەڕوان دەکرا بەهەڵگیرساندنەوەی شـەڕ لە هەر کاتێکدا، هەروەها بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەدا کە گەلی کورد راپەڕی دژی هەر داگیرکارییەك لەهەمان کاتدا پاڵپشـتی گەلی عێراق و ڕای گشـتی دەکات بەرانبەر داواکارییە ڕەواکانیـان. جەمـاوەری گەلی کورد لەخەو هەڵدەسـتن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر دەسـتدرێژییەك لەسـەر بنەمای پشـتیوانی گەلی عێراق و ڕای گشـتی پێشـکەوتووخواز بۆ گەیشـتن بە ئامانجە ڕەواکانیان (م.و.د، ملفە (4/29 قسـم 8) الدعاية الشيوعية، بيان الحزب الشيوعي العراقي المعنون (عاش الجيش جيشا للشعب، وفصيلة مقدامة من فصائل قواه الثورية)، بلا عدد، 6 كانون الثاني 1967).

حزبی شیوعی دووپاتیکردەوە، کە پەنابردنی حکوومەت بۆ پشـکنین لە ڕێگای ئاشـتی و دەرچوون لە ئاشوبی شەڕ لە کوردستان و شکستهێنانی چارەسەری سەربازی، ببووە مایەی سەرکەوتن بۆ شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی نیشـتمانی دیموکراسـی لە عێراق، لەهەمان کاتدا دۆڕاندبوو بۆ سـیاسـەتی شۆڤینی دوژمنکاری، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو هێزە نیشتمانییەکان خەباتیان توند بکەن لەپێناو چارەسـەری دیموکراسـی و بنبڕکردنی تەواوی کێشـەکانی وڵات، و حیزبی شـیوعی پێشـنیاری چارەسـەری ئاشـتییانەی بۆ پرسـی کورد کرد، ئەویش بەهۆی دیموکراسـی و بەدیهێنانی یاسـا وەك بارمتەیێك وایە کە حکوومەتی هاوپەیمانی نیشتمانی دەخاتە سەر ڕێگایەکی راست بۆ بەدەستهێنانی ئیرادەی گەل. (م.و.د، ملفە(18/22)، نشرة أسبوعية) (سياسة الحزب الشيوعي العراقي آزاء القضيعة الكردية و موقفة من المداولات الجارية لحلها)، آوائل تموز 1966.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام:

1. عەبدولڕەحمان عارف کەسێکی شەڕخواز نەبوو، بەڵکو لەچاو دەسەڵاتدارانی پێشخۆی کەسێکی میانڕەو بوو، ئارەزووی لەچارەسەرکردنی پرسی کورد بە شێوازی ئاشتی و گفتووگۆ هەبوو، بەڵام لە ژێرکاریگەری ئەفسەرانی سوپا و سەربازییەکان هەوڵی لەناوبردنی کورد و شکست پێهێنانی شۆڕشی ئەیلولی دا.
2. لەسەرەتای ئایاری ١٩٦٦دا، سوپای حکوومەت و جاشەکان لەژێر بانگەشەی گفتووگۆ و دانوستاندا، بە دەرفەتیان زانی بەشێک لە چیای هەندرێن بگرن کە لە ئەستۆی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێڕاقدا بوون.
3. گرتنی چیای هەندرێن ئەرکی حزبی شیوعی عێراق قورس کردبوو، بۆیە بڕیاریاندا بچنە شەڕێکی مان و نەمانەوە بۆ ڕزگارکردنەوەی چیای هەندرێن، لەژێر ڕێنوێنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان توانیان سەرکەوتنێکی بێوێنە لە ١٢ی ئایاری ١٩٦٦ تۆمار بکەن.
4. سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، وەچەرخانێکی گرینگ بوو لە مێژووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، حکوومەتی عێڕاقی ناچارکرد بێتە سەرمێزی گفتووگۆ و دانوستاندن.

## سەرچاوەکان:

بڵاوکراوەی حیزبی

1. الکونفرنس الحزبی الاول للحزب الشیوعي العراق-في کردستان، ایار 1966.
2. لجنة الدعایة والنشر المرکزیة، للحزب الشیوعي العراقي، 1966/5/15.
3. (م.و.د، ملفه (4/29 قسم 8) الدعایة الشیوعیة، بیان الحزب الشیوعي العراقي المعنون (عاش الجیش جیشا للشعب، وفصیلة مقدامة من فصائل قواه الثوریة)، بلا عدد، 6 کانون الثاني 1967).
4. (م.و.د، ملفه(18/22)، نشرة أسبوعیة) (سیاسة الحزب الشیوعي العراقي آزاء القضیعة الکردیة و موقفة من المداولات الجاریة لحلها)، آوائل تموز 1966.

دەستنوس

5. نوعمان علوان سوهیل ( ملازم خدر)، بڵاونەکروە.

چاوپێکەوتن:
6. چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، 2021/1/23.
7. چاوپێکەوتن لەگەڵ نوعمان علوان سوحێل( ملازم خدر)، هەولێر، 2022/1/7
بیرەوەری بە زمانی کوردی
8. ئەحمەد، کەریم، 2007، ڕێڕەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.
9. دەرگەڵەیی، عزەت سلێمان، 2007، بیرەوەریەکانم، لە سالانی 1943-1977دا، سلێمانی.
10. مەلا مستەفا ، فاروق، 2017 بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، لوبنان.
بیرەوەری بە زمانی عەرەبی
11. عبدالرزاق، عبدالمجید (مام قادر)، 2012، المطبعة ازادی، أربیل.
12. حمو ، الفریق سعید، 1977، (مذکرات) امر لواء مشاة، مطبعة توجیه السیاسی، بغداد.
ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی
13. ڕێگای کوردستان، هەفتەنامە، ژمارە(641)، 2010/5/11 .
14. ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(3469)، 2010/5/12
ڕۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی
15. جریدة الجمهوریة، العدد (817)، 18نیسان 1966.
16. ڕێگای کوردستان، العدد (7) السنة 22، أوائل آیار 1966.
17. جریدة الجمهوریة، العدد(818)، 19نیسان 1966.
18. جریدة الفجر الجدید، العدد( 1274)، 19نیسان 1966.
19. جریدة الثورة العربیة، العدد(547)، 19نیسان 1966.
20. جریدة العرب، العدد(553)، 20نیسان 1966.
21. جریدة المنار، العدد(3365)، 20نیسان 1966.
22. جریدة الجمهوریة، العدد (822)، 24نیسان 1966.
23. جریدة الثورة العربیة، العدد (553)، 27نیسان 1966.
24. جریدة الطریق الشعب، العدد(2)، السنة(23)، اوائل حزیران 1966.
کتێب بە زمانی کوردی
25. بارزانی، مسعود، 2004، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (1961-1975)، ب3، بەشی یەکەم، هەولێر.

26. حمه شريف، هاوكار، 2012، شۆڕشی ئەیلوول، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
27. خۆشناو ، شوان محەمەد ئەمین، 2016، هەولێر لە نێوان ساڵانی 1963-1970، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
28. گۆمەتاڵی، بورهان حاتم، 2012، ساڵح حەیدەری 1922-2001، ڕۆڵی سیاسی وڕووناکبیری، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری K24، هەولێر.
29. نەبەز، جەمال، 2006، کوردستان و شۆڕشەکەی، و: کوردۆ، چاپخانەی منارە، هەولێر.

کتێب بە زمانی عەرەبی

30. جواد، سعد ناجي، 1990، العراق، المسألة الكردية (1958-1970)، لندن.
31. حميدي و العاني، جعفر عباس و نوري عبدالحميد، 2005، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري (1958-1968) ج8، بغداد.
32. خدوري، مجيد، 1997، العراق الجمهوري، مطبعة أمير، قم.
33. خيرى، زكي وسعاد، 1984، دراسات في التاريخ الحزب الشيوعى العراقى، اصدر اليوبيل الزهبى، لندن.
34. الزهيري، زبيد عبدالحسن، 2012، عبدالرحمن عارف و دوره السياسي في العراق (1966، 1968)، دار اسامة للنشر، عمان.
35. سباهى، عزيز، 2006، عقود من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، ج3.
36. طالباني، مكرم، 2010، مراحل تطور الحركة القومية الكردية، مراجعة: عثمان محمد هورامي، المجلد الثاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية.
37. عبدالكريم، سمير، اضواء على الحركة الشيوعية في العراق، تقديم: د.صلاح محمد، الجزء الرابع، 18تشرين الثانى 1963-30/17تموز 1968، دار المرصاد، بيروت.
38. غريب، ادموند، 1973، الحركة القومية الكردية، دارالنهار للنشر، بيروت.

## الخلاصة

للحزب الشيوعي العراقي كحزب عراقي عشرات الكوادر السياسية والعسكرية وتنظيمات في كوردستان وكان له دور كبير ومؤثر في معركة (هندرين). ونتيجة لهذه المعركة قتل وجرح عدد من كوادره. بهدف اظهار دور الحزب الشيوعي في هذه المعركة، قمنا بهذا البحث بالاستناد الى عدد من المصادر والوثائق واجراء المقابلات مع اشـخاص معاصـرين لهذا الحدث والذين شـاركوا فيه. تم توزيع خطة بحثنا هذا على اربعة محاور بالشـكل التالي:
المحور الاول: خطة وخارطة الحكومة للاستيلاء على جبلي هندرين وزوزك.

المحور الثاني: هجوم الجيش العراقي على هندرين وكيفية مقاومة البيشمركة.
المحور الثالث: نتائج معركة هندرين:
أ- من الناحية العسكرية
ب- من الناحية السياسية

# Iraqi Communist Political Party Role in Hendren Battle and It's Conclusions

## Historical and Political Research

**Rafiq Rahman Mam Khul**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq
mamkhoolrafeeq@gmail.com

**Ismail Muhammed Safah**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University, Erbil Kurdistan Region, Iraq
Hassaf-hassaf@yahoo.com

***Keywords:*** *Communist, Handren, Peshmerga, Central Liege, Aziz Muhammad*

## Abstract

The Iraqi Communist Party, as an Iraqi party, has dozens of political and military cadres and organizations in Kurdistan and has played a major and influential role in the Battle of Hendren. As a result of this battle, a number of his cadres were killed and wounded. In order to demonstrate the role of the Communist Party in this battle, we conducted this research based on a number of sources and documents and interviews with contemporaries of the event and those who participated in it. This research plan was divided into three axes as follows:

**The first axis:** the government's plan and map to capture the mountains of Hendren and Zozk.

**The second axis:** the Iraqi army's attack on Hendren and how defended by Peshmerga.

**The Three axis:** The military and political consequences of the Battle of Handren.